كـــــردي - سوراني

# ئامرازە وڕێکارە بەسوودەکان بۆ گەیشتن بە ژیانێکی بەختەوەرانە



نووسینی:

شەیخ عبد الرحمن ئیبن ناسرٍ ئەلسەعدی

-ڕەحمەتی خوای لێبێت-

جمعية خدمة المحتوى الإسلامي باللغات

Islamhouse.com

جمعية الدعوة والإرشاد وتوعية الجاليات بالربوة

بسم الله الرحمن الرحيم

# ئامراز وڕێکارە بەسوودەکان بۆ گەیشتن بە ژیانێکی بەختەوەرانە

نووسینی:

شەیخ عبد الرحمن ئیبن ناسڕ ئەلسەعدی

-ڕەحمەتی خوای لێبێت-

شركاء التنفيذ:

دار الإسلام جمعية الربوة رواد الترجمة المحتوى الإسلامي

يتاح طباعة هذا الإصدار ونشره بأي وسيلة مع الالتزام بالإشارة إلى المصدر وعدم التغيير في النص.


Telephone: +966114454900

ceo@rabwah.sa

P.O.BOX: 29465

RIYADH: 11557

www.islamhouse.com

# پێشەکی

الحمد لله وحده والصلاة والسلام على من لا نبي بعده وعلى آله وصحبه أجمعين ومن تبعه بإحسان إلى يوم الدين أما بعد:

ئەم نامیلکە پیرۆزە بەناوی: (ئامراز ورێکارە بەسوودەکان بۆ گەیشتن بە ژیانێکی بەختەوەرانە) ؛ مانای بەختەوەری ڕاستەقینە ڕووندەکاتەوە کە ئامانجی بڵندی هەموو مرۆڤێکە لەم ژیانەدا، ڕاو بۆچوونەکان جیاوازن سەبارەت بە چەمکی بەختەوەری وچۆنیەتی بەدەستهێنانی ودەستەبەر کردنی.

هەندێك لە خەڵکی پێیان وایە کە دێتە دی بە کۆکردنەوەی پارە وسامان وزیادکردنیان، وهەندێك بۆچوونیان وایە دێتە دی بە لەش ساغی وئاسایشی وڵات ونیشتمان، وهەیە پێی وایە دێتە دی بە ڕزقی حەڵاڵ و بەدەستهێنانی زانستی بەسوود، وهەندێك خەڵك وا دەبینێت دێتە دی بە ئیمانی ڕاستگۆیانە وکردەوەی چاك وبەردەوامبوون لەسەر ئەم ڕێبازە، وهیچ ڕێگریەك نییە لەوەی هەموو ئەمانە بێنە ژێر چەمکی بەختەوەریەوە ؛ ئەگەر پێک بێت لەگەڵ بنچینە ورێسا شەرعییەکان، بەڵام بەختەوەری دابەش دەبێت بۆ دوو جۆر:

بەختەوەریەکی دونیایی کاتی ؛ سنووردارە بە تەمەنێکی کورت وگۆڕاو.

بەختەوەریەکی قیامەتی بەردەوام ؛ ناپچڕێت وسنوورێکی دیاری کراوی نییە.

وهەردوویان پەیوەستن بەیەکەوە ؛ بەختەوەری دونیا پەیوەستە بە بەختەوەری قیامەتەوە، وژیانێکی بەختەوەرانە وکامڵ وپاك لە دونیا وقیامەتدا بەهۆی ڕازیبوونی خودایە لە بەندە ئیماندارە تەقوادارەکان، هەروەکو پەروەردگار دەفەرموێت:

**﴿مَنۡ عَمِلَ صَٰلِحٗا مِّن ذَكَرٍ أَوۡ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤۡمِنٞ فَلَنُحۡيِيَنَّهُۥ حَيَوٰةٗ طَيِّبَةٗۖ وَلَنَجۡزِيَنَّهُمۡ أَجۡرَهُم بِأَحۡسَنِ مَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ﴾ واتە: ﴿هەرکەس لە نێر یان لە مێ کردەوەی چاکی کردبێت و بیکات و بڕواداریش بوو بێت ئەوە سـویند بە خوا بە ژیانێکی خۆش دەیان ژیەنین و سوێند بێ پاداشتیان بدەینەوە بە چاکتر لەوەی کە ئەوان دەیانکرد﴾ [النحل: ٩٧].**

مسوڵمانی بەڕێز ئایا دەزانی بەختەوەری تەواو چییە؟ وچۆن دێتە دی؟ وناڕەحەتی وخەسارۆمەندی تەواو چییە؟ وچۆن هۆشدار بین لێی؟

بەختەوەری کۆکراوەتەوە لە گوێڕایەڵی الله -سبحانه وتعالى- وگوێڕایەڵیکردنی پێغەمبەرەکەی موحەمەد -صلى الله عليه وسلم-.

هەروەکو چۆن لەبەرامبەردا هەموو ناڕەحەتی وخەسارۆمەندی ولادانێک کۆکراوەتەوە لە سەرپێچیکردنی فەرمانەکانی الله وپێغەمبەرەکەی، الله دەفەرموێت:

**﴿يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا﴾ واتە: ﴿و هەر کەس گوێرایەڵی خواو پێغەمبەرەکەی بکات ئەوە بەڕاستی سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێناوە﴾ [الأحزاب : ٧١].**

وپەروەردگار دەفەرموێت:

**﴿وَمَا كَانَ لِمُؤۡمِنٖ وَلَا مُؤۡمِنَةٍ إِذَا قَضَى ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥٓ أَمۡرًا أَن يَكُونَ لَهُمُ ٱلۡخِيَرَةُ مِنۡ أَمۡرِهِمۡۗ وَمَن يَعۡصِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ ضَلَّ ضَلَٰلٗا مُّبِينٗا﴾ واتە:﴿ وە هەرکەس سەرپێچی خواو پێغەمبەرەکەی بکات ئەوە بەڕاستی گومڕا بووە بەگومڕا بونێکی ئاشکرا ﴾ [الأحزاب : ٣٦].**

ئەم کتێبەی لەبەردەستماندایە : (ئامراز وڕێکارە بەسوودەکان بۆ گەیشتن بە ژیانێکی بەختەوەرانە) دانەرەکەی شەیخ عبد الرحمن ئیبن ناسرٍ ئەلسەعدیە

-ڕەحمەتی خوای لێبێت-، له هەشت بەش پێکهاتووه، نووسەرەکەی ئەو ئامڕاز وڕێکارانەی ڕوونکردووەتەوه که دەبێته هۆی گەیشتن به بەختەوەری ڕاستەقینه، هەروەها چۆنیەتی گەیشتن به ئەو ڕێگا وهۆکار وئامرازانەی بەجوانی ڕوونکردنەوه ؛ لەمەدا پشتی بەستووه به بەڵگه شەرعیەکان که له قورئان وسونەتەوه وەرگیراون، بۆ خشته دارێژییەکی ڕاست وپەسەند بەرەو ژیانێکی بەختەوەرانه ؛ که ئاواتی هەموو مسوڵمانێکه، و بۆئەوەی کۆمەڵگای مسوڵمان لەسەر ئەم ڕێگایه بڕوات له ڕێکخستنی ژیانی به نور وچاوڕۆشنیەوه.

و به هاوکاری (وەزارەتی کاروباری ئیسلامی وئەوقاف وبانگەوازی وڕێنمونی) لەپێناو بڵاوکردنەوەی هۆشداری دروست وئاراستەکردنی خەڵکی بۆ ئەم هۆکارانه ؛ ئەم کتێبه هەڵبژێردرا بۆئەوەی یەکێك بێت له بڵاوکراوه بەسوودەکانی و بۆئەوەی بەڵگه وڕێنیشاندەر بێت لەم ژیانه پڕ له ناڕەحەتیه.

داواکارین له خوای گەوره -سبحانه وتعالی- پاداشتی دانەرەکەی وئەوانه بداتەوه که چاپ وبڵاوی دەکەنەوه ویارمەتیدەرن لەمەدا، و الله سەرکەوتوویی وهیدایەت دەبەخشێت بۆ سەر ڕێبازی ڕاست، وتەنها الله بەسه بۆ ئێمه چونکه ئەو باشترین پشتیوانه، وصلی الله وسلم وبارك على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.

د. عبد الله ئیبن ئەحمەد ئەلزەید

بریکاری وەزارەت ویاریدەر له کاروباری چاپکردن وبڵاوکردنەوه

# پێشەکی چاپی یەکەم

ئەم نامیلکەیە لە بەر دەستماندایە نەخشە دارێژی دەکات بەرەو بەختەوەری ڕاستەقینە کە مرۆڤ هیوای پێدەخوازێت وهەوڵی بۆ دەدات ؛ بەڵام ئەم نەخشە کێشانە دوورە لە مەیل ولادانی مرۆڤەکان، ودانەر لەم دارشتەیەدا پشت دەبەستێت بە بەڵگە بەهێزەکان لە قورئانی پیرۆز ورێنمونیە پڕ لە داناییە نەبەوییەکان. ئەمیش هەمان بەختەوەریە کە مرۆڤی ئیماندار پەیرەوی دەکات، وکۆمەڵگەی مسوڵمان لەسەری دەژی چونکە تاکە رێگایە بۆ رێکخستنی رێڕەوی لە ژیان لەسەر تەقواداری وڕەزامەندی الله.

نووسەری ئەم نامیلکەیە پایەدار وزانا وعەلامە شەیخ (عبد الرحمن ئیبن ناسرٍ ئەلسەعدیە) -ڕەحمەتی خوای لێبێت-، لە شاری عونەیزە لە دایکبووە لە قەسیم کە دەکەوێتەوە هەرێمی نەجد لە وڵاتی عەرەبستانی سعودیە، هەر لە منداڵیەوە دایك وباوکی مردوون، بەڵام خۆی کەسێکی زیرەك وتێگەیشتوو وخاوەن هیمەت بووە بۆ بەدەستهێنانی زانستی شەرعی، ولە سەرەتاکانی تەمەنیەوە ؛ دەستیکردووە بە لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز هەتا بەتەواوی لەبەری کرد بەئەوپەڕی وردی لە تەمەنی دوانزە ساڵیدا، ودەستیکردووە بە فێربوونی زانستی شەرعی لەلای زانایانی ناوچەکە وزانایانی ئەو ناوچانەیش کە سەفەری بۆ لا کردوون، وزۆر هەوڵیدا لە پێناو ئەمەدا هەتاوەکو بەشێکی زۆر باش وگەورەی بەدەستهێنا لە زانستە شەرعییەکان.

لە تەمەنی بیست وسێ ساڵیدا ؛ سەرقاڵ بوو بە فێربوون وفێرکردنی زانست وسوود وەرگرتن وسوود گەیاندن بەرێژەیەک هەموو کاتەکانی بەم شێوازە بەسەر دەبرد، وزۆرێك لە خەڵکی لێیەوە فێری زانست بوون وسوودیان لێوەرگرتووە.

لە شەیخەکانی : (ئیبراهیم ئیبن حەمەد ئیبن جاسر) ؛ یەکەم کەس بوو کە لەلای خوێندوویەتی.

شەیخ (صالح ئیبن عوسمان) دادوەری عونەیزە ؛ لێیەوە فێری ئەم زانستانە بوو: ( زانستی ئوسوڵ -الأصول- وفیقهـ وتەوحید وتەفسیر وزمانی عەرەبی)، هەتاوەکو وەفاتی کرد ؛ قوتابی ئەو بوو، وشێخێکی زانا بوو بە فیقهـ وئوصوڵ، وخاوەن شارەزاییەکی تەواو بووە بە تەوحید ؛ بەهۆی زۆر سەرقاڵبوونی بە کتێبە ناسراوەکان وگرنگیدان بە کتێبەکانی ئیبن تەیمیە وئیبن ئەلقەیم بەتایبەتی، هەروەها زۆر گرنگی دەدا بە تەفسیر وهونەرەکانی، هێندە دەیخوێندەوە وفێردەبوو سەبارەت بە تەفسیر هەتاوەکو بوو بە کەسێکی بەهرەدار وشارەزا لەم زانستەدا، وخاوەن دەستێکی باڵا بوو لەم بابەتەدا، وچەند بەرهەمێکی هەیە لە تەفسیردا لەوانەیش:

(تیسیر الكريم المنان في تفسير كلام الرحمن) ؛ هەشت بەرگە.

تيسير اللطيف المنان في خلاصة تفسير القرآن.

القواعد الحسان لتفسير القرآن.

ولەو بەرهەمانەی کە ڕێنمونی دەکرێت بۆ بەدەستهێنانیان وسوود وەرگرتن لێیان؛ جگە لەوانەی باسکران:

الإرشاد إلى معرفة الأحكام.

الرياض الناضرة.

بهجة قلوب الأبرار.

منهج السالكين وتوضيح الفقه في الدين.

حكم شرب الدخان وبيعه وشرائه.

الفتاوى السعدية.

سێ دیوانی هەیە ؛ کە وتاری مینبەری بەسوودیان تێدایە.

الحق الواضح المبين بشرح توحيد الأنبياء والمرسلين.

توضيح الكافية الشافية (نونية ابن القيم).

خاوەن زۆر بەرهەمی ترە لە (فیقهـ وتەوحید وفەرموودە وئوصوڵ وتوێژینەوەی کۆمەڵایەتی وفەتوای جۆراوجۆر).

وەفـاتکردنی: تووشی نەخۆشـــیەکی ســـەختی لەنـاکـاو بوو کە ئـامـاژە بوو بۆ نزیکبوونەوەی مردنی، وەفاتی کرد لە شـــەوی پێنج شـــەممە ٢٣ جومادای ئاخیرە ١٣٧٦ ك لە شـاری عونەیزە، ومردنی کاریگەری وغەمێکی قووڵی بەجێهێشـت لەدڵی هەموو ئەوانەی ناســـیوویانەو گوێبیســـتی دەبوون وبەرهەمەکانیان دەخوێندەوە، ڕەحمەتی فراوانی خوای گەورەی لێبێت وســـوود بە ئێمە بگەیەنێت لە زانســـت وبەرهەمەکانی، ئامین.

ڕیاز / ١١ ڕەمەزان ١٣٧٨ ك

دەزگای نور بۆ چاپکردن وبەرگگرتن

# پێشەكی دانەر

الحمد لله الذي له الحمد كله، وأشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له، وأشهد أن محمداً عبده ورسوله، صلى الله عليه وعلى آله وأصحابه وسلم.

پاشان: بێگومان ئارامی ودڵنیایی وبەختەوەری دڵ ولاچوونی غەم وخەفەتەكانی ؛ داواكراوە لەلایەن هەموو مرۆڤێكەوە، و بەهۆیەوە ژیانێكی خۆش وبەختەوەر بەدەست دەهێنرێت، وشادی وئاسوودەیی كامڵ دەبێت، بۆ بەدەستهێنانی ئەم بەختەوەرەیە چەند هۆكارێك هەیە لەوانەش: هۆكاری ئاینی، هۆكاری سروشتی، هۆكاری كرداری، هەموو ئەمانەیش تەنها بۆ ئیماندار كۆدەبێتەوە، بەڵام خەڵكانی تر ؛ ئەگەرچیش هەندێكیان بەدەست بهێنن لەلایەك وهۆكارێكەوە كە ژیرەكانیان كۆشش دەكەن بۆ گەیشتن پێی، بەڵام لە زۆر لایەنی ترەوە بەختەوەری بەدەست ناهێنن كە بەسوودترن ودامەزراوترن وچاكترن بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەكان.

من لەم پەیامەدا ئەو هۆكارانەی لە هزرمدایە ؛ دەینووسم بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجە باڵایە، كە هەموو مرۆڤێك هەوڵی بۆ دەدات.

هەندێك خەڵك گەیشتوون بە زۆرێك لەم هۆكارانە بۆیە ژیانێكی بەختەوەرانە وخۆشیان هەیە، وهەندێك خەڵكی تر ؛ شكستیان خوارد لە گەیشتن پێیان بۆیە لە ژیانێكی ناخۆش ونارەحەتدان، وژیانیان پڕ لە مەینەتیە، وخەڵكی تر هەیە ؛ لەناوەڕاستدایە، بە پێی گەیشتنیان بە هۆكارەكان، خوای گەورە سەركەوتوومان بكات ویارمەتیدەرمان بێت بۆ بەدەستهێنانی هەموو خێرێك، ودوورخستنەوەی هەموو شەڕێك.

## بەشی یەکەم

١- گەورەترین هۆکار وگرنگترین بنچینە بریتیە لە ئیمان هێنان وکردەوەی چاك ئەنجامدان، خوای گەورە دەفەرموێت:

**﴿مَنْ عَمِلَ صَـــٰلِحًـا مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّـهُۥ حَيَوٰةً طَيِّبَـةً وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَجْرَهُم بِأَحْسَـنِ مَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ﴾ واتە: ﴿هەرکەس لە نێر یان لە مێ کردەوەی چاکی کردبێت و بیکات و بڕواداریش بوو بێت ئەوە ســوێند بە خوا بە ژیانێکی خۆش دەیان ژیەنین و سوێند بێ پاداشتیان بدەینەوە بە چاکتر لەوەی کە ئەوان دەیانکرد﴾ [النحل: ٩٧].**

خوای گەورە باسیکردووە وپەیمانی داوە بە ئەوانەی ئیمانیان هێناوە وکردەوەی چاکیان کردووە ؛ ژیانێکی خۆش وپاکیان پێببەخشێت لەم دونیایەدا، وپاداشتیان بە چاکە بداتەوە لەم ژیانە ولە شوێنی مانەوەی هەمیشەیی دوارۆژ.

هۆکاری ئەمە ڕوونە ؛ ئەو ئیماندارانەی بەڕاستی باوەڕیان بە الله هێناوە، بە ئیمان هێنانێک کە بەرهەمەکەی ئەنجامدانی کردەوەی چاکە ؛ کە ئەمیش هۆکارە بۆ چاکبوونی دڵ ورەوشت ودونیا ودوارۆژ، وئەو بنچینانەیان پێیە کە ڕێنیشاندەریانە بۆ بەختەوەری وشادی، وبۆیان ڕووندەکاتەوە چۆن مامەڵە بکەن لەگەڵ دڵەڕاوکێ وغەم وخەفەت.

بەسوپاسگوزاریەوە پێشوازی لە حاڵەتەکانی ئاسوودەیی وخۆشگوزەرانی دەکەن، ولەو شتانەدا بەکاریان دەهێنن کە سوودی هەیە، ئەگەر بەم شێوەیە بەکاریان بهێنن ؛ بەختەوەر دەبن، وحەز دەکەن بمێنێتەوە وبەرەکەتی زیاتر بێت، و بەهیوای پاداشتن وەکو پاداشتی ئەوانەی سوپاسگوزاری خوای گەورەن، پاداشتێك هێندە خێر

وبەرەکەتی لەگەڵدایە کە زۆر زیاترە لەم خۆشیانە ؛ کە دەرەنجامی سەرەتایی ئەم سوپاسگوزاریەن.

لەبەرامبەردا، هێندەی دەتوانن بەرەنگاری ناخۆشی وزیان وغەم وخەفەتەکان دەبنەوە، وهێندەی بتوانن لەسەر خۆیان ئاسانی دەکەن، و بەجوانی ئارام دەگرن لەسەر ئەو شتانەی ناتوانن بەرەنگاری ببنەوە، بەم شێوەیە سوود وەردەگرن لە کاریگەری وشوێنەواری ناخۆشیەکان ؛ لە بەرەنگاربوونەوەی بوێرانە، وشارەزایی وهێز، وئارامگرتن و بەهیوابوونی پاداشت، بەهۆی ئەم ئەنجامە مەزنانە ؛ ناخۆشی ونارەحەتیەکان نامێنن، وئاسوودەیی وهیوای خۆش شوێنیان دەگرنەوە، وهیوابوون بە فەزڵ وپاداشتی خوای گەورە، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەم بابەتەی ڕوون کردووەتەوە لەم فەرموودە سەحیحەدا، کە دەفەرموێت:

«حاڵ وکاروباری ئیماندار جێی سەرسوڕمانە، هەموو حاڵ وکاتێکی هەر مایەی خێرە بۆی، ئەگەر تووشی خۆشگوزەرانی بێت؛ سوپاسی خودا دەکات وئەمە دەبێتە مایەی خێر بۆی، وئەگەر تووشی زیان بێت؛ ئارام دەگرێت، وئەمەش هەر دەبێتە مایەی خێر بۆی، وئەمە بۆ هیچ کەسێک نییە جگە لە ئیماندار» [رواه مسلم].

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە خێر وپاداشتی ئیماندار چەند هێندە دەبێتەوە ؛ لە هەموو ئەو شتانەی بەسەریدا ڕوودەدات لە بەختەوەری ونارەحەتی. بۆیە دەبینیت هەردووکیان ڕوودەدەن بەسەر خەڵکیدا ؛ بەڵام جیاوازیەکی زۆریان هەیە لە چۆنیەتی ڕووبەڕووبونەوەیان، ئەمیش بەپێی جیاوازیانە لە ئیمان وکردەوەی چاك. ئەوەی ئیمان وکردەوەی چاکی هەیە ؛ بەرەنگاری خێر وشەڕ دەبێتەوە بەوەی باسمان کرد لە سوپاسگوزاری وئارامگرتن وئەوەی پەیوەستن پێیانەوە، بۆیە بەختەوەر وشاد دەبێت، وغەم وخەفەت ودڵەڕاوکێ ودڵتەنگی لەسەر نامێنێت، وژیانێکی خۆشی دەبێت لەم دونیایەدا.

بەڵام بێباوەڕ وفاسق بەختەوەری وخۆشیەکان بەکاردەهێنن لە شەڕ وخۆبەگەورەزانین وسنوور تێپەڕاندن، بۆیە ڕەوشتیان تێکدەچێت وبەکاریان دەهێنێت هەروەکو ئاژەڵان بە تەماح وپەرۆشیەوە، بەڵام لەگەڵ ئەمەیشدا دڵی ئارام نییە، بەڵکو پەشۆکاوە لەچەند ئاراستەیەکەوە، لەلایەکەوە دەترسێت ئەوەی حەزی پێدەکات ؛ لەناوبچێت، وتووشی نارەحەتی دەبێت لە پاراستنی حەزەکانی بەهۆی ئەو بەربەستانەی دێنە پێشی، و لەلایەکی ترەوە حەزەکانی نەفس لە سنوورێك ناوەستێت بەڵکو بەپەرۆشە بۆ شتی زیاتر، لەوەیە بەدەستی بهێنێت و لەوەیە بەدەستی نەهێنێت، ئەگەر بەدەستی بهێنێت ئەوا جێی دڵەڕاوکێیە بەهۆی ئەو لایەنانەی باسمان کرد، وبەرەنگاری نارەحەتیەکان دەبێتەوە بە دڵەڕاوکێ ونارەزایی دەربڕین وبێزاری وترس، بۆیە مەپرسە تووشی چی غەم وپەژارەیەك دەبێت لەم ژیانەدا، لە نەخۆشیە مێشکی ودەروونیەکان، ولەو ترسەی کە ڕەنگە بیگەیەنێت بە خراپترین حاڵ وترسناکترین سەرەنجام، چونکە بەهیوای پاداشت نییە، وئارامگرتنی نییە کە دڵنەوایی بکات ونارەحەتیەکانی لەسەر ئاسان بکات.

هەموو ئەمانە زانراون لەڕێگای ئەزموونی مرۆڤەکانەوە، ویەك نمونە لەسەر ئەم جۆرە: ئەگەر تێڕامانی بۆ بکەیت وبەراوردی بکەیت لەگەڵ حاڵی خەڵکی، بۆت دەردەکەوێت جیاوازی زۆر هەیە لەنێوان ئەو ئیماندارەی بەپێی ئیمانەکەی کردەوە دەکات، وئەو کەسەی بەو شێوەیە نییە، ئاین زۆر ئامۆژگاری دەکات بۆ قەناعەت بوون بە ڕزقی خوای گەورە، وبەوەی بەخشیوویەتی بە بەندەکان لە فەزڵ ورێزلێنانی هەمەجۆر.

ئیماندار ئەگەر تاقیبکرێتەوە بە نەخۆشی وهەژاری، یان هەر تاقیکردنەوەیەکی تر ؛ کە لەوەیە تووشی هەرکەسێك بێت، ئەوا -بە ئیمانەکەی وبەو قەناعەت وڕازیبوونەی هەیەتی بەوەی خودا بەخشیوویەتی- ؛ قایل وڕازیە، ولە دڵیەوەی داوای شتێك ناکات ؛ کە لە قەدەردا بۆ ئەو نەبووە، لە شتومەکی دونیایی ؛ سەیری ئەو

خەڵکانە دەکات کە کەمتریان هەیە لە خۆی، وسەیری سەرەوەی خۆی ناکات، لەوەیە بەختەوەری وئارامی زیاتر بێت لە ئەو کەسانەی کە هەموو شتێکی دونیایان بەدەست هێناوە ئەگەر ئەم کەسە قەناعەتی پێنەبەخشرا بێت.

لەبەرامبەردا دەبینیت ئەو کەسەی کردەوەی نییە بەپێی ئیمان، ئەگەر تووشی تاقیکردنەوەیەك بێت بۆ نموونە هەژاری یان لەدەستدانی شتێك لە دەستکەوتەکانی دونیا، ئەوا لە ئەوپەڕی ناڕەحەتی وبێ هیوایدایە.

ونموونەیەکی تر: ئەگەر ترس ورووداوە ئاڵۆزەکان هات بەسەر مرۆڤدا، دەبینیت ئەوەی ئیمانەکەی دروستە ودڵی چەسپاوە، ودەروونی ئارامە، دەتوانێت بەهێوری وچاکی ئەم حاڵەتە بخاتە ژێر ڕکێفیەوە ؛ بەهۆی بەکارهێنانی ئەوەی لەتوانایدایە لە بیرکردنەوە وقسە وکردەوە، وخۆی ئامادە کردووە بۆ ئەم ڕووداوە ناڕەحەتانە، ئەم حاڵەتانە مرۆڤ هێور دەکاتەوە ودڵی جێگیر دەکات.

بەڵام بێباوەڕ بە پێچەوانەی ئەم حاڵەتەوە، ئەگەر تووشی ترس بێت ؛ ویژدانی ناڕەحەت دەبێت، ودەروونی دەشێوێت، وبیری تێکدەچێت و لەناخەوە تووشی ترس وبیم دەبێت، تووشی ترسی دەرەکی ودڵەڕاوکێی ناخ دەبێت ؛ بەشێوەیەك کە دەربڕینی مەحاڵە، ئەم جۆرە لە خەڵکی ئەگەر هەندێك هۆکاری سروشتی بەکارنەهێنن کە پێویستی بە ڕاهێنانی زۆر هەیە ئەوا هێزیان لەدەست دەدەن وبیریان دەشڵەژێت، بەتایبەت لە حاڵەتە ناڕەحەت وغەم هێنەرەکاندا ئەمیش بەهۆی نەبوونی ئیمان کە هاندەرە بۆ ئارامگرتن.

چاکەکار وتاوانبار، وئیماندار وکافر بەشدارن لە بەدەستهێنانی ئازایەتی، هەروەها توانای فیتریيان هەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ڕووداوە سەختەکان وئاسانکردنەوەی، بەڵام ئیماندار جیاوازە بەهۆی بەهێزی ئیمان وئارامگرتن وتەوەکول وپشت بەستنی بە خوای گەورە، و بەهیوای پاداشتە، ئەم شتانە ئازایەتی زیاد دەکات، وشوێنەواری

ترسی لەسەر کەم دەکات، ونارەحەتیەکانی لەسەر ئاسان دەبێت، هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت:

**﴿وَلَا تَهِنُواْ فِي ٱبۡتِغَآءِ ٱلۡقَوۡمِۖ إِن تَكُونُواْ تَأۡلَمُونَ فَإِنَّهُمۡ يَأۡلَمُونَ كَمَا تَأۡلَمُونَۖ وَتَرۡجُونَ مِنَ ٱللَّهِ مَا لَا يَرۡجُونَۗ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمًا﴾ واتە: ﴿ئەگەر ئێوە ئێش و ئازارتان پێ بگات بێگومان ئەوانیش ئێش و ئازاریان پێدەگات وەک چۆن ئێوە ئێش و ئازارتان پێدەگات و ئێوە ئومێد دەکەن لەخوا ئەوەی ئەوان ئومێدی ناکەن (کە پاداشت و سەرکەوتنە)﴾ [النساء: ١٠٤].**

هەروەها خوای گەورەوە هاوکاری ویارمەتیدانێکی تایبەتیان پێدەبەخشێت کە شوێنەواری ترسەکان لەناودەبات، پەروەردگار دەفەرموێت:

**﴿... وَٱصۡبِرُوٓاْۚ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلصَّٰبِرِينَ﴾ واتە: ﴿... وە ئارامگر -خۆ ڕاگر- بن بەڕاستی خوا لەگەڵ خۆگراندایە﴾ [الأنفال: ٤٦].**

٢- لەو هۆکارانەی کە دەبێتە هۆی نەهێشتنی غەم وخەفەت ودڵەڕاوکێ، جۆرە جیاوازەکانی چاکەکارییە لەگەڵ خەڵکی بە قسە وکردەوە، هەموو ئەو خێر وچاکەکاریانە ؛ بەهۆیانەوە خوای گەورە غەم وخەفەت ودڵەڕاوکێ لادەبات لەسەر مرۆڤی چاکەکار وتاوانبار بەپێی پلەی چاکەکاریەکە، بەڵام ئیماندار چاکترین بەشی هەیە، وبەوە جیاوازە کە چاکەکاریەکەی دەرەنجامی دڵسۆزیەتی بۆ خوای گەورە و بەهیوای پاداشتە.

بۆیە خوای گەورەیش ئەنجامدانی جۆرە جیاوازەکانی خێر وچاکەی لەسەر ئاسان دەکات، ونارەحەتیەکانی لێ دوور دەخاتەوە بەهۆی دڵسۆزی وبەهیوابوونی پاداشت، پەروەردگار دەفەرموێت:

**﴿لَّا خَيْرَ فِي كَثِيرٍ مِّن نَّجْوَاهُمْ إِلَّا مَنْ أَمَرَ بِصَدَقَةٍ أَوْ مَعْرُوفٍ أَوْ إِصْلَاحٍ بَيْنَ النَّاسِ ۚ وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ ابْتِغَاءَ مَرْضَاتِ اللَّهِ فَسَوْفَ نُؤْتِيهِ أَجْرًا عَظِيمًا﴾ واتە:﴿هیچ چاكەیەک نیە لەزۆربەی چپە كردنەكانیاندا مەگەر یەكێک فەرمان بكات بەماڵ بەخشین لەرێی خوادا یان فەرمانكردن بە چاكە یان چاككردنی نێوان خەڵكی جا هەر كەسێک ئەوە بكات بەنیازی ڕەزامەندی خوا ئەوە لە داهاتوودا پێی دەبەخشین پاداشتی زۆر گەورە﴾ [النساء : ١١٤].**

خوای گەورە -سبحانه وتعالی- باسی ئەوەمان بۆ دەكات كە ئەم كردەوە چاكانە خێرن ئەگەر هەركەسێك ئەنجامیان بدات، وخێر خێر دەهێنێت، وشەڕ دوور دەخاتەوە، وئەو ئیماندارەی بەهیوای پاداشتە ؛ خوای گەورە پاداشتی گەورەی پێدەبەخشێت، ولەو پاداشتە مەزنانە: نەهێشتنی غەم وپەژارە وناڕەحەتی وهتد لە ناخۆشیەكان.

# بەشی دووەم

٣- دڵەڕاوكێ كە دروست دەبێت بەهۆی شپرزەیی مێشك وسەرقاڵی دڵ بە ئەو شتانەی تووشی پەژارەی دەكەن، لە هۆكارەكانی دوورخستنەوەی دڵەڕاوكێ: سەرقاڵبوون بە كردەوەیەك لە كردەوە بەسوودەكان یان زانستێك لە زانستە بەسوودەكان. ئەم شتانە دڵ سەرقاڵ دەكەن ؛ بۆیە بیر ناكاتەوە لەو شتانەی دەبێتە هۆی دڵەڕاوكێ.لەوەیە ئەو هۆكارانەی لەبیر بچێتەوە كە دەبنە هۆی غەم وخەفەت، بۆیە دەروونی بەختەوەر دەبێت، وچالاكی زیاد دەكات، وئەم هۆكارە باوەڕدار وبێباوەڕ تێیدا بەشدارە. بەڵام ئیماندار جیاوازە بەهۆی باوەڕ ودڵسۆزی وبەهیوابوونی پاداشت لەكاتی سەرقاڵبوونی بە ئەو زانستەی فێری دەبێت یان فێری دەكات، وئەو كردەوە خێرەی دەیكات، ئەگەر پەرستن بێت ئەوا پەرستنی الله یە، وئەگەر كارێكی دونیایی یان خوویەك بێت ونیەتی چاكی لەگەڵدا بێت، ومەبەستی ئەوە بێت یارمەتیدەرە بۆ گوێڕایەڵی الله ؛ ئەمە كاریگەری باشی هەیە لەسەر نەهێشتنی غەم وخەفەت ودڵتەنگی، چەند مرۆڤ هەیە تاقیكراوەتەوە بە دڵەڕاوكێ ونارەحەتی بەردەوام، وتووشی نەخۆشی جۆراوجۆر بووە، لە بەسوودترین دەرمان وچارەسەرەكانی: (لەبیركردنی هۆكاری نارەحەتی ودڵەڕاوكێییە، وسەرقاڵبوونی بە كردەوەیەك لە ئەركەكانی سەرشانی).

دەبێت ئەو كارەی سەرقاڵی دەبێت ؛ لەوانە بێت كە نەفسی حەزی پێدەكات و بەپەرۆشیەتی، چونكە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی مەبەستە بەسوودەكە بێتە دی، وخودا زاناترە.

٤- لەو شتانەی دەبێتە هۆی دوورخستنەی خەفەت ودڵەڕاوكێ: كۆكردنەوەی هزرە لەسەر گرنگیدان بە كردەوەی ئێستا، وبیرنەكردنەوە لە گرنگیدان بە داهاتوو، وبیرنەكردنەوە لە ڕابردوو، بۆیە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- پەنای بە خوای

گەورە دەگرت لە غەم وخەفەت، (لەو فەرموودەی بوخاری وموسلیم گێڕاویانەتەوە)، دڵتەنگی بۆ ڕابردوو هیچ سوودێکی نییە چونکە ئەوەی ڕۆیشت ناتوانێت پێی بگات وناتوانێت چارەسەری بکات، ولەوەیە غەم وخەفەت زیانی هەبێت بەهۆی ترسان لە ئەوەی لە داهاتوودا دێت، بۆیە لەسەر بەندەیە کە کوڕی ڕۆژەکەی بێت، و وزە وجدیبوون وکۆششی بەگەڕ بخات بۆ چاککردنی ئەمڕۆ وکاتی داهاتوو، کۆکردنەوەی دڵ لەسەر ئەمە دەبێتە هۆی کامڵبوونی کردەوە، وغەم وخەفەت لەسەر دڵ ناهێڵێت.

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر نزایەکی بکردایە یان ڕێنمونی ئومەتەکەی بکردایە بۆ ووتنی ؛ ئامۆژگاری دەکردن لەگەڵ داواکردنی یارمەتی لە الله و بەهیوابوونی فەزڵی، و لەهەمان کاتدا جددی بێت وکۆشش بکات لەسەر بەدیهێنانی ئەوەی نزای بۆ دەکات. هەروەها دوورکەوتنەوە لە ئەو شتانە وڕێگاکانی کە نزای دەکرد بۆ دوورخستنەوەیان چونکە نزا هاوتای کردەوەیە، وبەندە کۆشش دەکات بۆ ئەوەی سوودی بۆی هەیە لە ئاین ودونیادا، وداوا لە پەروەردگاری دەکات مەبەستەکانی بۆ بهێنێتە دی، ویارمەتی بدات لەمەدا، هەروەکو پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت:

«پێداگیر بە لەسەر ئەوەی سوودی بۆت هەیە، وپشت بە خوای گەورە ببەستە وبێ هیوا ولاواز مەبە، وئەگەر شتێک ڕوویدا کە پێت ناخۆش بوو مەڵێ: ئەگەر ئاوا وئاوام بکردایە؛ ئاوا وئاوا دەبوو، بەڵکو بڵێ: (قَدَرُ الله وما شاء فَعَلَ) واتە: (قەدەری خودا بوو، وئەوەی ویستی لەسەر بوو ؛ جێبەجێی کرد)، چونکە ووتنی: (ئەگەر) دەرگای کردەوەکانی شەیتان دەکاتەوە» [رواه مسلم].

لەم فەرموودەیەدا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانیکردووە بە دوو شت: یەکەمیان بە پەرۆشبوون لەسەر شتە بەسوودەکان لە هەموو حاڵەتێکدا، وداواکردنی

یارمەتی لە اللە ونەكەوتنە ژێر ڕكێفی لاوازی وبێ توانایی كە ئەمیش تەمەڵیە وزیانبەخشە، ودووەمیان بریتیە لە ملكەچبوون بۆ اللە لە ڕووداوەكانی ڕابردوو كە ڕۆیشت وجێبەجێ بوو، ومرۆڤ تێیاندا قەزا وقەدەری خودا ببینێت وپێی ڕازی بێت

پێغەمبەر -صلى اللە عليه وسلم- كاروبار وحاڵەتەكانی دابەش كرد بەسەر دوو جۆر: بەشێك بەندە هەوڵی بۆ دەدات هێندەی بتوانێت، یان دووری دەخاتەوە وئاسانی دەكات ؛ لەمەدا بەندە هەوڵ وكۆششی خۆی دەخاتە گەڕ وداوای یارمەتی لە پەروەردگاری دەكات بۆ بەدیهێنانی. بەشێكی تر هەر هەوڵدانێكی بەندە بێ سوودە، لەمەیاندا بەندە دڵنیا وئاسوودەیە لە بەرانبەری وملكەچ وڕازی دەبێت، وهیچ گومانێك نیە لەوەی ئەم بنچینەیە هۆكارە بۆ ئاسوودەیی ونەمانی غەم وخەفەت.

# بەشی سێیەم

٥- لە گەورەترین هۆکارەکانی سینگ فراوانی وئاسوودەیی ؛ (زۆر یادکردنی خوای گەورەیە) چونکە کاریگەریەکی سەرسوڕهێنەری هەیە لەسەر سینگ فراوانی وئارامی دەروون، ونەهێشتنی غەم وخەفەت، پەروەردگار دەفەرموێت:

**﴿... أَلَا بِذِكْرِ ٱللَّهِ تَطْمَئِنُّ ٱلْقُلُوبُ﴾ واتە:﴿... ئاگاداربن کەهەر بە یادی خوا دڵەکان ئارام دەگرن﴾ [الرعد: ٢٨].**

یادکردنی پەروەردگار کاریگەریەکی گەورەی هەیە لە بەدەستهێنانی داواکراو ئەمیش بەهۆی تایبەتمەندییەکانی یادی اللّٰه یە، و بەهۆی ئەوەی بەندە هیوای پێی هەیە لە پاداشت.

٦- هەروەها باسکردنی نیعمەتە ئاشکرا وپەنهانەکانی خوای گەورە، ناسینی نیعمەتەکان وباسکردنیان هۆکاری ڕەواندنەوەی غەم وخەفەتە، وهانی بەندە دەدات بۆ سوپاسگوزاری کە لە بەرزترین پلەکانە ئەگەرچیش بەندە هەژار یان نەخۆش بێت یان تووشی هەر تاقیکردنەوەیەکی تر هاتبێت. ئەگەر بەراورد بکات لەنێوان نیعمەتەکانی خوای گەورە لەسەری -کە لە ژماردن نایەن- وئەوەی تووشی بووە لەناخۆشی، ئەوا ناڕەحەتیەکە هیچ ڕێژە وژمارەیەك نییە بەرامبەر نیعمەتەکان.

بەڵکو ناخۆشی وکارەساتەکان ئەگەر خوای گەورە بەندەی پێ تاقی بکاتەوە، وبەندە ئارامگر وڕازی وملکەچ بێت، ئەوا ئازار وکاریگەری ناڕەحەتیەکەی لەسەر ئاسان وکەم دەبێتەوە، بەهیوابوونی بەندە بە پاداشت وبەندایەتی بۆ اللّٰه بە ئارامگرتن وڕازی بوون ؛ ئەمە دەبێتە هۆی شیرینکردنی شتە تاڵەکان بۆیە شیرینی پاداشت تاڵی ئارامگرتنی لەبیر دەباتەوە.

٧- لە بەسوودترین شتەکان لەم بابەتەدا ئەوەیە کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕێنمونی بۆ کردووە لە فەرموودەیەکی سەحیحدا کە دەفەرموێت:

«سەیری ئەوانەی خوارەوەی خۆتان بکەن، وسەیری ئەوانەی سەرەوەی خۆتان مەکەن، چونکە ئەمە وا دەکات کە نیعمەتەکانی خوای گەورە بەسەرتانەوە بە کەم نەزانن»[رواه البخاري].

ئەگەر بەندە ئەم ڕێنماییە مەزنە لەپێش چاوی بێت ؛ وا دەبینێت لەپێش زۆرێك لە خەڵکیەوەیە لە سەلامەتی وپاشکەوتەکانی، ولە ڕزق وپاشکەوتەکانی ؛ ئینجا حاڵی هەرچۆنێك بێت، بۆیە دڵەڕاوکێ وغەم وخەفەتی نامێنێت، وبەختەوەری وشادی زیاد دەبێت بە نیعمەتەکانی خوای گەورە ؛ کە لە پێشەوەی خەڵکی ترە تێیاندا.

هەرچەندە بەندە زیاتر تێڕامان بکات بۆ نیعمەتە ئاشکرا وشاراوەکانی خوای گەورە لەسەری، لە ئاین ودونیادا، وا دەبینێت کە پەروەردگاری خێری زۆری پێبەخشیووە وشەڕ وخراپەی زۆر وجۆراوجۆری لێ دوورخستووەتەوە، بێگومان ئەمە دەبێتە هۆی نەهێشتنی غەم وخەفەت، ودەبێتە هۆی ئاسوودەیی وشادی.

# بەشی چوارەم

٨- لەو هۆکارانەی دەبێتە هێنانی بەختەوەری ونەهێشتنی غەم وخەفەت: هەوڵدانە بۆ نەهێشتنی ئەو هۆکارانەی غەم وخەفەت دەهێنن، وکۆششکردن بۆ بەدەستهێنانی ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی هێنانی بەختەوەری ؛ ئەمیش بە لەبیرکردنی ئەوەی ڕوویداوە لەڕابردوودا لە ناخۆشی ونارەحەتیەکان کە هیچ توانای نییە بیگەڕێنێتەوە، ودەبێت بزانێت کە سەرقاڵکردنی بیری بە ڕابردوو دەچێتە ژێر بابەتی گاڵتەوگەپ ومەحاڵەوە، وگەمژەیی وشێتیە، بۆیە کۆششی دڵی دەکات لەسەر بیرنەکردنەوە لێیان، وهەروەها کۆششی دڵی دەکات بۆ دڵەڕاوکێ نەبوون سەبارەت بە ئەوەی لە داهاتوودا ڕوودەدات ؛ لەو شتانەی دێت بە خەیاڵیدا لە هەژاری وترس وناخۆشی وهتد. بۆیە دەزانێت کە داهاتوو نەزانراوە ؛ ئەوەی ڕوودەدات لە خێر وشەڕ وهیوا وئازار، هەمووی بەدەستی پەروەردگاری بەشکۆ ودانایە، هیچ شتێك بەدەستی بەندەکان نییە جگە لە هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی خێرەکان وهەوڵدان بۆ دوورخستنەوەی زیانەکان نەبێت، بەندە دەزانێت ئەگەر هزری ئاراستە بکات بۆ دوورخستنەوەی لە شپرزەبوون سەبارەت بە کاروباری داهاتوو، وتەوەکول وپشت بەستنی تەنها بە پەروەردگاری بێت لە چاککردنیان، ودڵی بۆ ئەمە ئارام بێت، ئەگەر بەم شێوەیە بێت ؛ دڵی ئۆقرە دەگرێت وحاڵ وکاروبارەکانی چاك دەبن، وغەم وخەفەت ودڵەڕاوکێی لەسەر نامێنێت.

٩- لە بەسوودترین شتەکان سەبارەت بە کاروبارەکانی داهاتوو ؛ بەکارهێنانی ئەم نزایەیە کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نزای پێدەکرد:

«اللَّهُمَّ أَصْلِحْ لِي دِينِي الَّذِي هُوَ عِصْمَةُ أَمْرِي، وَأَصْلِحْ لِي دُنْيَايَ الَّتِي فِيهَا مَعَاشِي، وَأَصْلِحْ لِي آخِرَتِي الَّتِي فِيهَا مَعَادِي، وَاجْعَلِ الْحَيَاةَ زِيَادَةً لِي فِي كُلِّ خَيْرٍ، وَاجْعَلِ الْمَوْتَ رَاحَةً لِي مِنْ كُلِّ شَرٍّ» واتە: «خودایە ئایینەکەم چاك بکە کە بڕبڕەی پشتی کارەکانمە،

ودونیاشم بۆ چاك بکە کە ژیانمی تێدایە، وقیامەتیشم بۆ چاك بکە چونکە گەڕانەوەم بۆ ئەوێیە، وژیانم بۆ بکە بە هۆکاری زیادبوونی هەموو خێر وچاکەیەک، ومردنم بۆ بکە بە هۆکاری حەسانەوە لە هەموو شەڕ وخراپەیەک»[رواه مسلم].

وهەروەها کاتێك دەفەرموێت:

«اللَّهُمَّ رَحْمَتَكَ أَرْجُو فَلَا تَكِلْنِي إِلَى نَفْسِي طَرْفَةَ عَيْنٍ، وَأَصْلِحْ لِي شَأْنِي كُلَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ» واتە: «خودایە ئومێدم بە ڕەحم و بەزەیی تۆ هەیە، و بە ئەندازەی چاو تروکاندنێکیش خۆم نەدەیتە دەستی خۆم و کار و باریشم بە چاکە بگێڕە، هیچ پەرستراوێک نییە، کە شایستەی پەرستن بێت، جگە لە تۆ»[رواه أبو داود بإسناد صحيح].

ئەگەر بەندە ئەم نزایە بڵێت کە چاکبوونی داهاتووی تێدایە لە ئاینداری ودونیایدا ؛ بە دڵێکی ئامادە، ونیەتێکی ڕاستگۆیانە، لەگەڵ کۆششکردنی بۆ ئەو شتەی دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی ئەمە، ئەوا خوای گەورە ئەوەی نزای بۆ دەکرد وهیوای پێدەخواست وکردەوەی بۆ دەکرد ؛ بۆی دەهێنێتە دی، وغەم وخەفەتی دەگۆڕێت بە خۆشی وبەختەوەری.

# بەشی پێنجەم

١٠- لە بەسوودترین هۆکارەکان بۆ نەهێشتنی دڵەڕاوکێ وغەم ئەگەر بەندە تووشی شتێك لە ناڕەحەتی وتاقیکردنەوەکان بوو: ئەوەیە هەوڵبدات بۆ ئاسانکردنەوەی لەڕێگای بیرکردنەوە لە خراپترین ئەگەرەکان کە لەوەیە حاڵەتەکە لەسەری کۆتایی بهاتایە، وخۆی لەسەر ئەمە ڕابهێنێت، ئەگەر وابکات ئەوا دەبێت هەوڵبدات بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی هێندەی دەتوانێت، بەم کۆششکردن وهەوڵدانە ؛ غەم وخەفەتی نامێنێت، بەم شێوەیە وزەی بەگەڕ دەخات بۆ بەدەستهێنانی سوودەکان، ودوورخستنەوەی زیانەکان هێندەی لەتوانای مرۆڤدایە.

ئەگەر هۆکارەکانی ترس ونەخۆشی وهەژاری وبێبەشی لە حەزە هەمەجۆرەکانی ؛ ڕوویدا، با بە هێوری وئارامی دەروونەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکات، وئەوپەڕی کۆشش بکات لەمەدا، ڕاهێنانی دەروون لەسەر ئارامگرتن بەرامبەر ناڕەحەتیەکان؛ ئاسانیان دەکاتەوە وسەختییان ناهێڵێت، بەتایبەت ئەگەر سەرقاڵ بێت بە دوورخستنەوەیان ؛ هێندەی لەتوانایدایە، بۆیە تێیدا کۆدەبێتەوە؛ ئارامگرتنی نەفسی لەگەڵ هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی سوود کە سەرقاڵی دەکەن لە بیرکردنەوە لە ناڕەحەتیەکان، وکۆششی نەفسی دەکات لەسەر نوێکردنەوەی هێزی بەرەنگاربوونەوەی ناڕەحەتیەکان، لەگەڵ پشت بەستن بە خوای گەورە لەمەدا ومتمانە بە ئەو زاتە مەزنە، بێگومان ئەم بابەتانە سوودی مەزنیان هەیە بۆ بەدەستهێانی بەختەوەری وسینگ فراوانی، لەگەڵ ئەوەی بەندە هیوای پێیبەتی لە پاداشتی نزیك ودواخراو، ئەمە بینراوە وتاقیکراوەتەوە، وڕووداوەکانی زۆرێك هەن کە ئەزموونیان تێدا هەیە.

# بەشی شەشەم

١١- له مەزنترین چارەسەرەكان بۆ نەخۆشییەكانی دڵ له شپرزەیی دەروونی ومێشكی، بەڵكو بۆ نەخۆشیەكانی لاشەیش: بریتیه له بەهێزی دڵ ونەبوونی بێزاری وپەرچەكردار بەرامبەر به وەهم وخەیاڵەكان كه بیركردنەوە خراپەكان دەیانهێنن. هەركەسێك خەیاڵ بكاتەوە سەبارەت به ڕوودانی نارەحەتی ونەمانی خۆشیەكان؛ ئەمه تووشی غەم وخەفەت ونەخۆشییەكانی دڵ ولاشەی دەكات، وتووشی تورەیی وسەرلێشێواوی وداڕمانی دەروونی دەبێت، ئەمانەیش كاریگەری خراپیان هەیە، وزۆرێك له خەڵكی ئەزمونیان هەیه لەگەڵ زیانه گەورەكانی.

١٢- هەركاتێك دڵ پشت به الله ببەستێت ومتمانەی پێی هەبێت، ملكەچی وەهم نەبێت وخەیاڵی خراپ ڕكێفی پێ نەكات، ومتمانەی به الله هەبێت و بەهیوای فەزڵ وپاداشتی بێت، بەهۆی ئەمەوە غەم وخەفەتی لەسەر لادەچێت، ورزگاری دەبێت له زۆرێك له نەخۆشییەكانی دڵ ولاشه، ودڵ بەهێز وسینگ فراوان دەبێت وبەختەوەری ڕووی تێدەكات ؛ بەشێوەیەك ناتوانێت گوزارشتی لێبكات، چەند نەخۆشخانه هەیه ئەو نەخۆشانەی كه تێیدان دەناڵێنن بەدەست وەهم وخەیاڵی پوچەوە، ئەم شتانه كاریگەریان هەبووە بەسەر بەهێزەكانەوە، چ جای لاوازەكان، وبوونه هۆی گەمژەیی وشێتی، وسەلامەت ئەوەیە خوای گەورە سەلامەتی پێیبەخشێت، وسەركەوتووی بكات بۆ كۆششكردن دژی نەفسی خۆی بۆئەوەی هۆكاره بەسوودەكان بەدەست بهێنیت كه دڵ بەهێز دەكەن، ودڵەڕاوكێ دوور دەخەنەوە، خوای گەورە دەفەرموێت:

**﴿.. وَمَن يَتَوَكَّلۡ عَلَى ٱللَّهِ فَهُوَ حَسۡبُهُۥٓ..﴾ واته: ﴿..هەركەسێک تەوەكولی به خوا بێت -پشت بەخوا ببەستێت- ئەوا ئەو زاته بەسه بۆی..﴾ [الطلاق: ٣].**

واتا خوای گەورەی بەسە بۆ هەموو ئەو شتانەی گرنگە بەلایەوە وغەمی لێدەخوات سەبارەت بە دینداری ودونیای.

ئەوەی تەوەكولی بە الله هەیە ؛ دڵی بەهێزە وخەیاڵەكان كاریگەریان لەسەری نییە، وڕووداوەكان بێزاری ناكەن چونكە ئەمانە بەهۆی لاوازی نەفس وترسنۆكییە كە لە ڕاستیدا بوونیان نییە، ودەزانێت خوای گەورە زامنی كردووە ؛ هەركەسێك تەوەكولی بە ئەو هەبێت ئەوا پەروەردگاری بەسە، بۆیە متمانەی بە الله هەیە ودڵنیایە سەبارەت بە پەیمانەكانی، ونارەحەتیەكەی دەگۆڕێت بۆ ئاسانی، ودڵتەنگیەكەی دەگۆڕێت بۆ بەختەوەری، وترسەكەی دەگۆڕێت بۆ ئاسایش، داوای سەلامەت لە خوای گەورە دەكەین و بەهێزی وچەسپاوی دڵمان پێببەخشێت، وتەوەكولی تەواومان بە ئەو زاتە هەبێت ؛ كە زامنی بەخشینی خێری كردووە بە هەموو ئەوانەی تەوەكولیان پێیەتی، وهەموو ناخۆشی وزیانێكیان لێ دووردەخاتەوە.

# بەشی حەوتەم

١٣- کاتێك پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت:

«با هیچ پیاوێکی ئیماندار ڕقی لە ئافرەتێکی ئیماندار نەبێتەوە، ئەگەر ڕقی لە ڕەوشتێکی بێت؛ ئەوا ڕەوشتێکی تری لە لا پەسەندە» [رواه مسلم].

دوو سوودی مەزنی تێدایە:

یەکەم: ڕێنمونی بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ هاوسەر وکەسی نزیك وهاوڕێ وهەریەکێکی تر کە پەیوەندیت پێیەوە هەیە، دەبێت خۆت ڕابهێنیت لەسەر ئەوەی کە بەرامبەر کەموکورتیەك یان هەرشتێکی تر کە تۆ حەزت لێی نییە ؛ ئەگەر تێیدا بەدیت کرد، بەراورد بکە لەنێوان ئەمە وئەوەی ئەرکە لەسەرت لە هێشتنەوەی خۆشەویستی وپەیوەندیەکی بەهێز، چاکەکانی ومەبەستە تایبەت وگشتییەکان بەبیری خۆت بهێنەوە، بەم چاوپۆشی کردنە لە کەموکورتیەکان وڕەچاوکردنی لایەنە چاکەکان، هاوڕێیەتی وپەیوەندی بەردەوام دەبێت، وگونجان وهێوری دێتە دی.

سوودی دووەم: نەهێشتنی غەم ودڵەڕاوکێ، وهێشتنەوەی دڵسۆزی وپاکی لەگەڵ جێبەجێکردنی مافە واجب وسونەتەکان ؛ و بەدیهێنانی هێوری لەنێوان هەردوولا، ئەوەی کردەوە نەکات بە ئەم ڕێنمونیەی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئاماژەی بۆ کردووە ومەسەلەکە پێچەوانە بکاتەوە، وبەردەوام چاوی لەسەر کەموکورتیەکان بێت وکوێر بێت دەرهەق بە جوانیەکان، دەبێت تووشی دڵەڕاوکێ بێت، وپەیوەندی لەنێوان خۆی وکەسی خۆشەویستی پچڕانی تێدەکەوێت، وتووشی زۆر لە کەموکورتی دەبن دەرهەق بە مافەکان بەرامبەر یەکتر.

زۆرێك لەو خەڵكانەی كە خاوەنی هیمەتی بەرزن ؛ خۆیان دادەمەزرێنن لەسەر ئارامگرتن ودڵنیایی لەكاتی ڕوودانی كارەسات وناڕەحەتیەكان. بەڵام لە كەمترین شتدا تووشی دڵەڕاوكێ دەبن، وهێوری دەروونیان تێكدەچێت، هۆكار ئەوەیە خۆیان ڕاهێنا لەگەڵ چۆنیەتی مامەڵەكردن لەگەڵ كارەساتە گەورەكاندا، بەڵام لە شتە بچووكەكاندا ئەمەیان جێبەجێ نەكرد بۆیە زیانی پێیان گەیاند وكاریگەری هەبوو لەسەر تێكدانی هێوری وئارامیان، مرۆڤی بەهێز خۆی دادەمەزرێنێت لەسەر چۆنیەتی مامەڵەكردن لەگەڵ ڕووداوە بچووك وگەورەكاندا وداوای یارمەتی لە الله دەكات لەمەدا، ولێی دەپاڕێتەوە كە نەیدات بەدەستی خۆی هێندەی چاوتروكانێكیش، ئەگەر وابوو ؛ ئەوا ڕووداوی بچووكی لەسەر ئاسان دەبێت هەروەكو چۆن كارەساتی گەورەی لەسەر ئاسان بووە، بۆیە دڵ ودەروون چەسپاو وئارام ودڵنیا دەبێت.

## بەشی هەشتەم

١٤- مرۆڤی ژیر دەزانێت ژیانی ڕاستەقینە ئەوەیە كە بە ئاسوودەیی وشادی دەژی، وژیانێكی زۆر كورتە، بۆیە نابێت كورتتری بكاتەوە بە غەم وبەردەوامبوون لەگەڵ ناڕەحەتیەكان ؛ چونكە ئەمە دژی ژیانی ڕاستەقینەیە، دەبێت بەپەرۆش بێت لەسەر ژیانی ؛ ونابێت ڕێگە بدات كە زۆرینەی ماوەی ژیانی بە غەم وناڕەحەتی بڕوات، وجیاوازی نییە لەمەدا لەنێوان چاكەكار وتاوانبار، بەڵام ئیماندار باشترین بەشی هەیە لە بەدیهاتنی ئەم وەسفانە تێیدا، وبەشی بەسوودی نزیك ودواخراوی هەیە.

١٥- ئەگەر ناخۆشیەكی بەسەردا هات یان بترسێت لەوەی تووشی بێت ؛ با بەراورد بكات لەنێوان ئەو نیعمەتە ئاینی ودونیاییانەی پێی بەخشراوە، وئەوەی تووشی بووە لە ناڕەحەتی، لەكاتی بەراوردا زۆری ئەو نیعمەتانە دەردەكەوێت كە پێی بەخشراوە، وكاریگەری ناڕەحەتی وناخۆشییەكان نامێنێت.

هەروەها بەراورد بكات لەنێوان ئەو زیانەی دەترسێت تووشی بێت، وئەگەرە زۆرەكانی سەلامەت بوون لێی، نابێت ڕێگە بدات ئەگەرە لاوازەكان سەربكەون بەسەر ئەگەرە زۆر وبەهێزەكان؛ ئەگەر وابێت غەم وخەفەتی نامێنێت، وپیلان دادەنێت بۆ گەورەترین ئەگەر كە لەوەیە تووشی بێت، بۆیە خۆی دادەمەزرێنێت لەسەر ڕوودانی ؛ ئەگەر ڕوویدا، وهەوڵدەدات بۆ دوورخستنەوەی ئەوەی ڕووی نەداوە وبۆ نەهێشتنی ئەوەی ڕوویداوە یان كەمكردنەوەی شوێنەوارەكانی.

١٦- لە بابەتە بەسوودەكان ئەوەیە بزانیت كاتێك خەڵكی ئازارت دەدەن بەتایبەت بە قسەی خراپ، ئەمە زیانی بۆت نییە ؛ بەڵكو زیانی بۆ ئەوانە، مەگەر خۆت سەرقاڵ بكەیت بە ئەو قسانەوە، وڕێگەی پێبدەیت دەست بگرێت بەسەر هەست وسۆزت،

ئەگەر وابیت ئەوا زیانی بۆ تۆیش دەبێت هەروەکو چۆن زیانی بۆ ئەوان هەبوو، ئەگەر گوێ پێنەدەیت ئەوا هیچ زیانی بۆت نابێت.

١٧- بزانە ژیانت شوێنکەوتەی بیرکردنەوەکانتە، ئەگەر بیرکردنەوەکانت لە شتی بەسووددا بێت بۆت لە ئاین یان دونیادا ؛ ئەوا ژیانت خۆش وبەختەوەر دەبێت، ئەگەر نا بەپێچەوانەوە دەبێت.

١٨- لە بەسوودترین بابەتەکان ئەوەیە خۆت دابمەزرێنیت لەسەر ئەوەی چاوەڕانی سوپاس نەبیت لە جگە لە الله، ئەگەر چاکەکار بیت بەرامبەر ئەوانەی مافیان لەسەرت هەیە یان مافیان لەسەرت نییە، بزانە ئەمە مامەڵەکردنی تۆیە لەگەڵ الله، بۆیە گوێ مەدە بە سوپاسکردنی ئەو کەسانەی چاکەکار بوویت بەرامبەریان، هەروەکو خوای گەورە قسەی بەندە تایبەتە هەڵبژێردراوەکانی دەگێڕێتەوە ودەفەرموێت:

**﴿إِنَّمَا نُطۡعِمُكُمۡ لِوَجۡهِ ٱللَّهِ لَا نُرِيدُ مِنكُمۡ جَزَآءٗ وَلَا شُكُورًا﴾ واتە: ﴿(دەڵێن) بەڕاستی ئێمە تەنها لەبەر ڕەزامەندی خوا خواردنتان دەدەینێ، چاوەڕوانی ناکەین لە ئێوە نە پاداشت ونە سوپاس﴾ [الإنسان: ٩].**

زیاتر جەخت لەسەر ئەم بابەتە دەکرێتەوە لەکاتی مامەڵەکردن لەگەڵ خێزان ومنداڵەکان وئەوانەی پەیوەندی بەهێزت پێیانەوە هەیە ؛ هەرکاتێك خۆت دامەزراند لەسەر دوورخستنەوەی شەڕ وزیان لێیان، ئەوا هێور وئارام دەبیت. لەو هۆکارانەی ئارامی دەبەخشن بە مرۆڤ ئەوەیە کردەوە چاکەکان بکەیت بەپێی توانای جەستەیی ودەروونیت بەبێ زێدەڕۆیی کردن چونکە زێدەڕۆیی تووشی دڵەڕاوکێت دەکات، ئەگەر سنووری سروشتی تێبپەڕێنیت ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی بە پەشیمانی بگەڕێیتەوە وفەزڵ وپاداشت بەدەست نەهێنیت، بەهۆی ئەوەی کە ڕێگایەکی خواروخێچت گرتە بەر، ئەمەیە دانایی: لە حاڵەتە نارەحەتەکان ؛ ئەنجامی پاك وشیرین بەدەست

بهێنیت، بەم شێوەیە پاکی وبێ خەوشی دەروون زیاد دەبێت، وناڕەحەتیەکان هێدی هێدی نامێنن.

١٩- شتە بەسوودەکان با لە نێوچەوانت بن وهەوڵ بدە بۆ بەدەست هێنانیان، وئاوڕ مەدەرەوە بۆ شتە زیانبەخشەکان ؛ کە بەم شێوەیە بیت دوور دەکەویتەوە لە هۆکارەکانی هێنانی غەم ودڵتەنگی، ودەستەبەرداری ساتەکانی هێوری وئارامی مەبە، وبا بەوردی هزرت لەسەر کارە گرنگەکان بێت.

٢٠- لە ڕێنماییە بەسوودەکان ئەوەیە کە کارەکان لە ئێستادا جێبەجێ بکەیت، بۆ ئەوەی بۆ کارەکانی داهاتوو سەرقاڵ نەبیت ؛ چونکە ئەگەر کارەکانی ئەمڕۆ جێبەجێ نەکەیت ئەوا کردەوەکانی ڕابردووت لەسەر کۆ دەبێتەوە، بۆیە شوێنەواری نەرێنی لەسەرت زیاتر دەبێت، ئەگەر هەموو شتێك یەکلایی بکەیتەوە لەکاتی خۆیدا ؛ ئەوا بەهێزی هزر وکردەوە ڕووبەڕووی کارەکانی داهاتوو دەبیتەوە.

٢١- دەبێت بژاردەت لەنێوان کردەوەکاندا گرنگترین لەپێشەوە بێت پاشان گرنگتر وبەو شێوەیە، وبزانە چی کردەوەیەك نەفست حەزی پێیەتی و بەپەرۆشیت بۆی، چونکە پێچەوانەیان تووشی بێزاری وناڕەحەتیت دەکەن، ولەمەدا پشت بە بیرکردنەوەی دروست وڕاوێژ ببەستە، ئەوەی ڕاوێژ بکات ؛ پەشیمان نابێتەوە، ئەوەی دەتەوێت بیکەیت ؛ بەجوانی و وردی بیخوێنەوە، ئەگەر بەرژەوەندی هاتەدی وپێداگیر بووی لەسەر جێبەجێکردنی ئەوا پشت بە الله ببەستە، چونکە بەڕاستی الله ئەوانەی خۆشدەوێت کە پشتی پێدەبەستن وتەوەکولیان تەنها بە ئەو زاتەیە.

والحمد لله رب العالمين.
وصلى الله على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم.

# ناوەڕۆک

پێشەکی.................................................................٤

پێشەکی دانەر .........................................................١٠

بەشی یەکەم ..........................................................١١

بەشی دووەم............................................................١٧

بەشی سێیەم ...........................................................٢٠

بەشی چوارەم ..........................................................٢٢

بەشی پێنجەم ..........................................................٢٤

بەشی شەشەم .........................................................٢٥

بەشی حەوتەم .........................................................٢٧

بەشی هەشتەم .........................................................٢٩

ناوەڕۆک ...............................................................٣٢

# تنشر الإسلام بأكثر من 100 لغة

IslamHouse.com

مرجعية مجانية إلكترونية موثوقة للتعريف بالإسلام

موسوعة القرآن الكريم
QuranEnc.com

موسوعة تضم تفاسير وتراجم موثوقة لمعاني القرآن الكريم

موسوعة الأحاديث النبوية
HadeethEnc.com

موسوعة تضم ترجمات للأحاديث النبوية وشروحها بعدة لغات

موسوعة المصطلحات الإسلامية
TerminologyEnc.com

موسوعة تضم ترجمات المصطلحات الإسلامية وشروحها بعدة لغات

منتقى
المحتوى الإسلامي

موسوعة تضم المنتقى من المحتوى الإسلامي باللغات

جمعية الدعوة وتوعية الجاليات بالربوة

جمعية خدمة المحتوى الإسلامي باللغات